# PKK
# وەک خۆی



# PKK

# وەك خۆی

## دوازدە وانە لەمێژووی تەڤگەری ئاپۆیی

نووسینی: حەسەن جودی

ناوی نامیلکە: PKK وەك خۆی

نووسینی: حەسەن جودی

بابەت: تێخوێندنەوەی مێژوو

چاپ: یەکەم

ساڵ: ٢٠١٥

شوێنی چاپ: سلێمانی

تیراژ: .... دانە

لە بڵاوکراوەکانی:

ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتیەکانی عەبدوڵا ئۆجالان

(١)

ڕۆژگاری ئەمڕۆ هەر تەنیا بەرهەمی مێژوو نییە، بەڵکو ڕێبەر ئۆجەلان گووتەنی وەك چۆن:" مێژوو لە ئەمڕۆماندا شاراوەیە، ئێمەش لەقووڵایی مێژوودا شاراوەین" ئەوا مسۆگەر داهاتووش هەر لەمنداڵدانی ئەو مێژوو و ڕۆژگارەوە فرچك دەگرێت و دەپژێت. بۆیە مێژوو هەر تەنیا گێڕانەوەی حیکایەتی ڕووداوو و ئاڵوگۆڕەکان نییە، بەڵکو کانگای حیکایەتەکانی ئەمڕۆ و داهاتووشە، سەرەداوی ئەمڕۆ و داهاتووشە، بەهەر سێکیانەوە زەمەن پێکدێنن. زەمەنیش بەم دۆخەیەوە خودان ڕەهەندێکی گشتگیر و ئاوێتەییە. لەم چوارچێوەیەدا تێگەیشتنی ڕاست و زانستیانە لەمێژوو، توانست و وزەی ئەوەمان دەداتێ دەرك بەراستینەی ئەمڕۆش بکەین، ڕوونتریش داهاتوو ببینین. بێگومان ئەمە بەواتای ئەوە نایەت مێژوو خۆی لەئەمڕۆ و داهاتوودا کۆپی دەکات، یان ئەمڕۆ و داهاتوو لەبەرگرتنەوەیەکی قەبای تەواوی مێژووە. ئەگەر وابێت چەمکی پێشکەوتن و گۆڕان بێ واتا دەبێت، سێینەی" تێز، دژەتێز، کۆتێز" یش بێ ناوەڕۆك دەبێت و شتێك نامێنێت ناوی وزەی جوڵە و هێزی دینامیکی بێت. بەڵکو بەو واتایە دێت مێژوو و ئەمڕۆ و داهاتوو بەناویەکداچوون و ئاوێتە و لەیەکدابڕاو نین. کەواتە مێژوو بناخەیە و ئەمڕۆش هەڵچنینی

دیوارەکانییەتی و داهاتووش کۆی ئەو خانوومیە کە نیازمەندین بیئافرێنین، یان بئافرێت. لەڕاستیدا پۆلێنکردنی مێژوو و قۆناخەکانی لەسەر ئەو بنەمایە پۆلێنکردنی هەرە ڕاست و زانستیانەیە.

هەموو شتێك مێژووی خۆی هەیە، تەنانەت خودی مێژووش مێژوویێکی خۆی هەیە. کۆی مێژوو بریتییە لەتەواوی قۆناخ و پارچەکانی ئەو مێژووە. مێژووی هەر شتێکیش کۆی تەمەن و رەهەند و ئاراستە و ماهییەت و هەبوونی ئەو شتە لەخۆوە دەگرێت. بەڵام لەپێناو دەرککردن بەوەی کە "چۆن؟ بۆچی؟ کێ؟ کەی؟ چی؟ " هەر قۆناخێکی مێژوو بەتەواوی خۆی پۆلێن دەکات و خۆی لە قۆناخی پێش و دوای خۆی جیادەکاتەوە، ئەوا پێویستمان بە کەرەستەی زانستی گونجاو و گێڕانەوەی متمانەپێکراو و شیکردنەوەی بابەتیانە هەیە. بەتایبەتی بۆ مێژووی شتێك کە بەهەموو هەبوون و قورسایی و مەزنی و ئافراندنەکانی خۆیەوە لەگەڵیدا دەژین و لەئاستی هەرە بەرزیشدا لەنێو جموجۆڵ و تەڤگەر و خۆ ئافراندنەوە و خۆ نوێکردنەوەدایە. هەرگیز ناکرێت بە هەرزانی و بێ بەها و بێ پێوانە مرۆڤایەتییەکان مێژوویێك بخوێنینەوە کە لەرۆژگاری ئەمرۆدا بەهەموو ئاراستە "ئاسۆیی، ستوونی، قووڵایی"ەکانی خۆیەوە

لەنێو پێشکەوتن و گۆڕاندایە و پرۆژەی خۆی بۆ داهاتووش هەیە. چونکە هیچ شێواندن و چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنێك نەیانتوانیوە راستینە و گەوهەری مێژوویێك فووتبدات و لەناوییبات. هەزاران ساڵ خۆرئاوا نکوڵی لەمێژوو و ژیار و شارستانییەتی جوگرافیای میزۆپۆتامیا و خۆرهەڵات کرد و وێنایەکی شێوێندراویان نەخشاند، کەچی ئەمڕۆ ئەو جوگرافیایە بەهەموو مێژوو و ژیار و شارستانییەتی خۆی دەبێژێ "من هەم و وا بەهەموو سروشت و سیمای خۆمەوە هێشتا دەژیم". ئیدی خودی مێژوو و مێژووی هەر هەبوون و پێکهاتەیەك، سەرەڕای هەموو شێواندن و چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنێك گەوهەر و راستینەی خۆی لەرۆژگاری ئەمڕۆ و داهاتووشدا حەشاردەدات و هەر دەبریسکێتەوە و لەدرەوشانەوە ناکەوێت. وەك چۆن خۆدابڕاندن لەمێژوو خۆ خەڵەتاندنە، ئاوا نکۆڵیکردن ـ بەهەموو شێوازەکانییەوە ـ لەمێژوویێکیش مایەپووچییە، بۆیە راستگۆیی مێژوویی وەك چۆن ئەرکێکە، ئاوا بەهەمان شێوە بەهایەکی ئەخلاقیشە و هەرگیز ناگرێ دەستبەرداری ببین.

تەڤگەری پەکەکە؛ وەك تەڤگەرێکی ئازاد و سەربەخۆی گەلی کوردستان، بەهەموو رەهەندەکانییەوە، تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆی گەشەپێدەدات. سەرەتا لەسالآنی (١٩٧٣ ــ ١٩٧٦)دا لە ئەنقەرەوە یەکەم چەخماخەی ئەو تێکۆشانە دەبریسکێتەوە، پاشان بەرەو باکووری کوردستان هەنگاو دەنێت، لە(١)ی تەممووزی(١٩٧٩)دا لەسەر بنەمای تاکتیکی "هەنگاوێك بۆ دواوە، دوو هەنگاو بۆ پێشەوە" رێبەر ئاپۆ کۆچی مێژوویی خۆی بەرەو رۆژئاوای کوردستان و سوریا و لوبنان دەستپێدەکات و لە کەمپێکی تێکۆشەرە فەلەستینییەکاندا دەگیرسێتەوە. لەوێوە، لەنێو دۆخێکی دژوار و بێتوانستیدا توانست و دەرفەت بۆ تەڤگەرەکە دەخولقێنێ. بەمەش تەڤگەری پەکەکە لەنێو کوردانی باشووری رۆژئاوای کوردستان و سوریا و لوبنان و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە و لەگەڵیشیدا لەوڵاتانی خۆرئاوا و جوگرافیا دوورەکانی دیکەدا تێکۆشان بەرزدەکاتەوە و بیر و هوشیاری و رێکخستنی نەتەوەیی دەژێنێتەوە و پانتایی شۆڕشی ژیانەوە فراوانتر دەکات. لەسەرەتای هەشتاکاندا یەکەمین هەنگاو لەسەر رێی "گەڕانەوە بۆ وڵات" دەهاوێژێت و لەسەر سنووری دروستکراوی نێوان باکوور ـ باشووردا یەکینەکانی گەریلا جێگیر دەبن. بەمەش یەکەم پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی باشووری کوردستاندا دەبەستێت و خۆی بەخەڵکانێکی ئەم

بەشە دەناسێنێت. هەر لەسەر ئەو سنوورەدا ئامادەکاری تەقاندنی یەکەم فیشەکی ئازادی ئەنجامدەدرێت و لە(١٥)ی ئابی(١٩٨٤)دا بەتەقاندنی یەکەم فیشەك بڕیاری ژیانێکی ئازاد دەگاتە لوتکە.

لەکۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا گەل بە سەرهەڵدانی جەماوەرییانەی خۆی وەڵامی قەڵەمبازە مێژووییەکەی گەریلا دەداتەوە. بەمەش تەڤگەری پەکەکە گەوهەری گەلەرییانەی دەردەکەوێتە پێش و گەل و گەریلا ئاوێتەی یەکدی دەبن. لێرەوە سەرەتای پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکان، بەپشتیوانی داگیرکەران و هێزە میلیگەرا و بەکرێگیراوەکان، دەستپێدەکات، باشووری کوردستان دەکرێتە گۆڕەپانی پیلانگێڕییەکان و تەڵەزگەیەکی پڕ مەترسیدار...!! بەڵام تەڤگەری پەکەکە دەستبەرداری ئیرادەی سەربەخۆ و ڕۆحی نەتەوەیی - دیموکراتییانەی خۆی نابێت و لەم پێناوەدا قورسترین قوربانی خۆی دەدات و بەدروشمی "باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، یەك وڵات و یەك خەبات" لەم بەشەدا گوڕ بەتێکۆشانی نەتەوەیی و دیموکراتییانەی خۆی دەدات و هەر لە نەوەدەکاندا بە فەلسەفە و هزری ئازادیخوازانەی خۆی دەپەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەکۆتایی نەوەدەکانیشدا تێکۆشانی خۆی لەم بەشەشدا دەگەیەنێتە ئاستێکی جەماوەری بەهێز. لەنەوەدەکانیش بەدواوە، لەگەڵ

بەرزبوونەوەی رۆح و هزر و تێکۆشانی نەتەوەیی ـ دیموکراتییانەی خۆیدا لەدامەزراندن و لەپێکهێنانی دەزگا نەتەوەییەکانی دەدات و پرۆسەی بەگەلبوون و نەتەوەییبوونی گەلی کورد دەگەیەنێتە ئاستێکی شکۆدار.

ئیدی شۆڕشی ژیانەوە بەدەستکەوت و بەهایەکی پڕ بەبایەخەوە سەردەکەوێت و قۆناخی شۆڕشی دیموکراتی و گەیشتن بەچارەسەری دەگەوێتە رۆژەڤەوە. بەمەش لەسەرەتای نەوەدەکان بەدواوە هەوڵدان بۆ گۆڕانی ستراتیژی تادێت چڕوپڕ و قووڵتر دەبێتەوە و لەکۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیشدا دەگاتە لوتکەی خۆی. تەڤگەری پەکەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر قۆناخێکی تێکۆشان و دەستپێکردنی هەر قۆناخێکی دیکەدا نوێبوونەوە و هەڵوێردی لە سیستەمی فەلسەفی، پارادیگمایی، ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ژیان و تێکۆشانی خۆیدا دەکات و پووختی دەکاتەوە. بەمەش تادێت گەوهەر و تایبەتمەندییە هەمەلایەنەکەی خۆی دەردەکەوێتە روو، تا ئەو رادەیەی تەواوی تایبەتمەندێتی و گەوهەری ئازادیخوازانەی خۆی لەچوارچێوەی سیستەمێکی هزری، ژیانیی و تێکۆشاندا بەروونی و زەلالی نیشان بدات، کە سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتییە.

## (٣)

بێگومـان لەمیانـەی هەڵسـەنگاندنی مێـژووی ئـەم تەڤگـەرەدا دەرك بەو راستییە دەكرێت كە تەڤگەری پەكەكە هەروا بەئاسـانی، بەبێ كۆسپ و تەگەرە، كێشە و گرفت قۆناخەكانی تێكۆشانی خۆی نـەبریوە، بـەڵكو رێـك بەپێچـەوانەوە لەهــەر قۆناخێكـدا ژان و ئازارێكی بێسنوور، قوربانی و فیداكاری و قارەمانێتییـەكی نـەوازە، كۆسـپ و تەگـەرەی ئاقەتشكێن، كێشـە و گـرفتی لـەبن نـەهاتوو، كەموكوڕی و هەڵەی كوشندە هەبووە، تەنانەت رووبەڕووبوونەوەی چەندین تەڵەزگە و پیلانگێـڕی ناوخۆیی، هـەرێمی و نێودەوڵەتی بۆتــەوە. لەبەرامبــەر هــەر خیانــەتێكی مەزنــدا، بــەرخۆدانێكی مەزنیش ئامادەیە، لەبەرامبەر هەر پیلانگێڕییەكـەدا قەڵـەمبازێك بەرسڤدارە، لـەنێو نـەبوونی و بـێ توانستییەكی دژواردا بـاوەڕی و هێــز و ئـیرادەی ئافرانــدن و مــەزنكردنی توانســت و توانسـتەكان دەردەكەوێتە روو. لەبەرامبەر بێ باوەڕی، بێ هێزی، بـێ ئومێـدی، بـێ چارەییدا، كانگـای بـاوەڕی، هێـز، هیـوا و توانستی چارەسـەری دەتەقێتــەوە و ملـی رێ دەگــرێ و دەهــەڕكێت. ئیـدی تەڤگــەری پەكەكە وەك دیجلە و فورات لـەكانیاوە رەسـەنەكاندا هەڵدەقوڵێ و هیـوای ژیـانێكی ئـازاد لــە میزۆپۆتامیـای لانكـەی لـەدایكبوونی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە بە گەل، رەگەز و چینە ژێردەستەکان دەبەخشێ و هیچ لەمپەر و کۆسپ و هێزێك ناتوانێت بەربەستی بکات یان لەگەوهەر و تایبەتمەندییە رەسەنەکانی خۆی دووری بخاتەوە.

هەڵبەتە لە قووڵبوونەوە بە مێژووی ئەو تەڤگەرەدا نهێنی مانەوە و مەزنبوونی ئەم تەڤگەرە دەردەکەوێتەڕوو، کە لە گەوهەر و تایبەتمەندییەکانی خۆیدا بەرجەستە دەبێت. لەسەرووی هەمووشیانەوە پەیوەستبوونییەتی بە فەلسەفەی ئازادی، ئیرادەی سەربەخۆ، گیانی بەرخۆدان و خۆهێزی و ئافراندنەوە.

باوەڕناکەم بزووتنەوەیەك لەمێژوو و رۆژگاری ئەمڕۆماندا هەبێت هێندەی بزووتنەوەی پەکەکە رووبەڕووی پیلانگێڕی و هێرش و شاڵاوی لەناوبردن بووبێتەوە. هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەمیشە ئەو بزووتنەوەیە بە مەترسی هەرە مەزن دەبینرێت و هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت. هەڵبەتە ئەمەش بێ هۆکار نییە و چەندین هۆکاری هاوبەش و تەنانەت شاراوە لەپشت سەرجەم ئەو پیلانگێڕی و هێرش و شاڵاوانەدا خۆی حەشارداوە. کەواتە ئەو هۆکارانە چیین؟ نهێنی ئەو ترس و فۆبیا مەزنە کە لەبەرامبەر بزووتنەوەی ئاپۆچی و پەکەکەدا هەیە چییە؟ ئەگەر هەر لەسەرەتاوە هەوڵی لەناوبردنی

ئەو بزووتنەوەیە دەدریێت، بۆچی نەك هەر لەناو نەبردرا، بەڵکو بۆتە گەورەترین بزووتنەوە لەهەر چوار بەشی کوردستان، تەنانەت بووە بەیەکێك لەگەورەترین بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان؟ کەواتە نهێنی مەزنبوون و خۆڕاگری پەکەکە چییە؟ پەکەکە دووژمنی کێیە و کێ دووژمنایەتی پەکەکە دەکات؟ جیهانبینی و هەڵوێست و چەمکەکانی پەکەکە بۆ ژیان، مێژوو، ئازادی، وڵات، گەل، هزر، ئایدیۆلۆژیا، شۆڕش، تاك، کۆمەڵگا، دەوڵەت، دەسەڵات، خیانەت، وڵاتپارێزی و ...هتد، چییە؟ هەروەها چۆن دەڕوانێتە کێشەی کورد، کێشەی ژن و کێشە مرۆڤایەتییەکانی تر؟ لەم پێناوەدا خاوەن چ پرۆژەیەکی چارەسەرییە؟ پەکەکە خاوەن چ سیستەمێکی بیرکردنەوە و ژیان و کارکردنە؟ بۆچی ئەو پیلان و هێرش و شاڵاوانەی لەناوبردن سەرەتا رێبەر ئۆجەلان و پاشان پەکەکە و گەل دەکەنە ئامانجی خۆیان؟ کەواتە رێبەر ئۆجەلان کێیە و خاوەن چ هزر و فەلسەفە و سیاسەتێکە؟ رۆڵ و پێگەی رێبەر ئۆجەلان لەنێو ئەو بزووتنەوەیەدا چییە؟ لەبەرامبەر هەموو هەوڵەکانی لەناوبردندا، ئاسۆی داهاتووی بزووتنەوەی پەکەکە چییە و چۆن دەبێ؟

گومانم نییە کە ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاری تر لەهۆش و هزری ئەو کەسانە دێت و دەچێت کە خوازیارن لەراستینەی ئەوە

تێبگەن کە بۆچی هێندە پیلانگێڕی و هێرش و شاڵاو لەدژی پەکەکە دەکرێت؟ بۆچی پەکەکەش هێندە خۆڕاگری و بەرخۆدانی دەکات و تادێت هەر هەنگاوی مەزنتر دەهاوێژێت؟

لێرەدا بۆ گەیشتن بە وەڵامی راستی سەرجەم ئەم پرسیارانە و سەدان پرسیاری دیکە دەتوانین پەنا بۆ کلیلی هەموو دەرگاکان ببەین، ئەویش مێژووە، مێژووی خودی بزووتنەوەی پەکەکە. بەڵام کاتێك دەرگای مێژووی بزووتنەوەی پەکەکەش دەکەینەوە ئەمجارەیان سەدان پرسیاری دیکە رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە؛ ئەم بزووتنەوەیە چۆن و کەی و بە چ شێوەیەك لەدایکبووە و دەستی بەجموجۆڵ و تێکۆشان و بەرخۆدان کردووە؟ قۆناخەکانی پێشکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە چین و کەی و چۆن و بە چ شێوەیەك ئەو قۆناخانە بەدوای یەکدا هاتوون؟ چ رووویانداوە و چ پێشکەوتنێکیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە؟ کارەکتەرە سەرەکییەکانی هەر قۆناخێك لەو قۆناخانە کێن و خاوەن چ تایبەتمەندی و هەڵسوکەوت و کردارێکن؟ هەر پرسیارێك چەندین کلکە پرسیار و لق و پۆپەی لێدەبێتەوە، لەناواخنی وەڵامی هەر پرسیارێکیشدا چەندین پرسیاری دیکە سەرهەڵدەدەنەوە... لەئاکامدا خۆمان لەنێو دەریایەك پرسیاردا دەبینینەوە، کە دەگەینە وەڵامی هەر پرسیارێك زیاتر سەرسوڕمانی دەمانگرێ و خولیای پرسیاری تر و

وەڵامی ترمان لەلا زیاتر دەبێت... ئیدی چەندە لەنێو ئەو مێژووەدا قووڵ دەبینەوە هێندەش سەرسام دەبین، هێندەش لەنهێنی پیلان و هێرش و شاڵاوەکانی نەیارانی تێدەگەین... هێندەش لەنهێنی خۆڕاگری و بەرخۆدان و مەزنبوونەکەی تێدەگەین...

(٤)

لەمیانەی ئەو قووڵبوونەوەیەدا؛ سەرەتا لەوە تێدەگەین کە بزووتنەوەی پەکەکە وەك پشکۆیەك لەژێر خۆڵەمێشی هەزاران ساڵەی مێژوودا خۆی حەشارداوە و هەر پزیسك دەدات، تا لە زەمەنێکی شەوەزەنگی بەستەڵەکگرتوودا بڵێسە دەدات و گڕ و کڵپە دەسێنێ و گڕکان ئاسا هەڵدەقوڵێ، هەڵدەقوڵێ و گڕ لە مێژوویەکی شووم، لە قەدەرێکی سەپێنراو بەردەدات... مێژوویەکی نوێ دەئافرێنێ... ئیدی مێژوو لەسەرووی قەدەرە سەپێنراوەکانەوە ڕێڕەوی خۆی دەگرێ...

لەم چوارچێوەیەدا؛ کاتێك بە هەگبەیەکی پڕ لەپرس و رامانەوە دەچیتە نێو دەریای مێژووی بزووتنەوەی پەکەکەوە، بەسەرهات و ڕووداوەکان، پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان، پەلکێشی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیانت دەکەن و تا قووڵایی مێژووی مرۆڤایەتیت دەبەن، بەجۆش و مۆراڵێکی بەرزەوە، بە باوەڕی و ئیرادە و وزەیەکی تۆکمەوە، جارێکی دیکە دەتگەڕێننەوە نێو رۆژگاری ئەمرۆ، لەبانێژەی ئەمرۆشەوە ئاسۆی داهاتوویێکی پرشنگدارت نیشان دەدەن. بەمەش سەفەر بەنێو مێژووی پەکەکەدا، وەك سەفەرە بەنێو سەمفۆنیایەکی نەمردا، وەك سەفەرە بەنێو رۆمانێکی بێکۆتاییدا، سەفەرە بەنێو شیعرێکی هارمۆنیدا، داستانێکی پڕ لە ماجەڕادا... بێگومان وەك چۆن لەپشت ئەو سیمفۆنیایەدا؛ ئۆرکسترایەکی مەزن، مایسترۆیەکی دانا، بیسەرێکی عاشق دەبینی، ئەوا مسۆگەر لەناواخنی ئەو رۆمانەدا پاڵەوانەکان، بەمەیل و توانستی خۆیانەوە، لەنێو ناکۆکی و ململانێ دان و تایبەت گرێی نێو گرفت و رووداوەکان ئاڵۆز دەبێت و رووەو کردنەوە و چارەسەری دەچێت. هەر بەهەمان شێوەش لەو شیعرەدا لەبری ریتمێکی سواو، پانتاییەکی تاریك، چێژ لە هارمۆنیایەکی هەمەچەشنە و پانتایەکی پڕ لە ئیستاتیك وەردەگریت. کاتێك کە بەپەیژەی رووداوەکانی ئەو داستانەدا هەڵدەزنێی لەپێشتدا حیکایەتخوانێك بەهەموو مەندی و حیکمەتی خۆیەوە، شێلگیرانە هەوڵدەدات ئاراستەی رووداوەکان بەرەو ئاقاری ئازادی ببات، بە قازانجی هەموو ئەوانەی عاشق و دێوانەی ئازادین بشکێنێتەوە... چونکە بەهانەی

یەكەم و كۆتایی بۆ لەدایكبوونی ئەم سیمفۆنیایە، ئەم رۆمانە، ئەم شیعر و داستانە تەنیا و تەنیا ئازادییە...

بۆیە كە مرۆڤ بەنێو ئەو مێژووەدا دەگوزەرێ، بەردەوام گوێت لەو زایەڵەیە دەبێت كە بەنەغمەیەكی پڕ لەسۆزەوە دەچریكێنێ و دەبێژێ:" ئەگەر ژیانێك هەبێت، با بە ئازادی و بۆ ئازادی بێت، ئەگەر مردنێكیش هەبێت، با هەر بە ئازادی و بۆ ئازادی بێت". ئەمە فەلسەفە و كرۆك و ناوەڕۆكی بانگەوازی ئەو پشكۆیەیە كە لەگەڵ یەكەم پزیسكی خۆیدا جاڕی دا...

بێگومان كە مرۆڤ بەنێو مێژوویەكی ئاگریندا دەگوزەرێ، موچرك بەدوای موچرك بەگیانیدا دێت، تا ئاستی سەرسامبوون و شۆكبوون دەڕوات؛ چۆن مرۆڤ موچرك نایگرێت و سەرسام و شۆك نابێت كە دەبینێ؛ لەپێناو ئەو بانگەوازییە نەمرەدا هەر جەستەیە و دەسووتێ، هەر گیانە و هەڵدەكڕوزێ... كوا چ سیمفۆنیایەك هەیە وەك ئەم سیمفۆنیایە نەغمەكانی گڕ بن؟ كوا چ رۆمانێك و شیعرێك و داستانێك هەیە وەك ئەم رۆمانە، ئەم شیعر و داستانە حەرفەكانی كڵپە بن؟ چۆن مرۆڤ شۆك نابێت هەر بەتەنیشت ئەو رۆح و جەستانەی دەبنە تۆپەڵێك ئاگر و گڕ لە هەموو ناشیرینییەكانی گەردوون بەردەدەن، رۆح و جەستەگەلێكیش هەن لەبەرد بەردترن، لەبەستەڵەك بەستەڵەكترن، وەك بڵێی گڕی

هەواڵنامەی كتێب

هەموو گەردوون ناتوانێ بیانجوڵێنێ و خاوێنیان بکاتەوە... ئیدی ئەوە سیمفۆنیایەکە بێهەڵچوون و داچوون نابێت، رۆمانێکە بێ ناکۆکی و ململانێ نابێت، شیعرێکە و داستانێکە بێ توخمی نەزۆك و شەڕانگێز نابن...!! بەڵام سیحری ئاگرینی ئەو مێژووە لەچی دایە؟ لەکوێ دایە؟ ئەمە نهێنییەکە و بەتینی گەرم و بڵێسەداری خۆی تا قووڵایی خۆی دەتبات، ئینجا پێت دەڵێت "ئەوە منم ... ئیدی بمناسە و لێم تێبگە...."

کەواڵنامەی کتێب

## (٥)

بۆیە ئەوەی لە مێژووی پەکەکەدا دەیبینیت نهێنی لەدایکبوون و مەزنبوونی بزووتنەوەیەکە کە هیچ کەسێك مەزندەی لەدایکبوونی ناکات، نەخاسمە پێشکەوتن و مەزنبوون و سەرکەوتنەکەی، ئەمە هەر لەدەرەوەی خەیاڵ دابوو... کەچی لەدەرەوەی مەزندە و شیمانەکان، بەبێ ئەوەی روخسەت لە باڵادەستەکانی ئەو جوگرافیایە و جیهان وەربگرێت، سەریهەڵدا... بەرووئاسا رەگی داکوتا و باڵای کرد، چڵ و پۆپەی دەرکرد، چەندە چڵ و پۆپە دەردەکات ئەوەندەش رەگ دادەکوتێ، چەندە بەقووڵایی مێژوودا شۆڕدەبێتەوە ئەوەندەش بەرەو لوتکە

هەڵدەکشێ... ئیدی لەنێو دۆزەخی جوگرافیایەکی ونبوودا، ئەو جوگرافیایەی کە لەمێژ ساڵە هەنجن هەنجنیان کردبوو و پاشان سڕیبوویانەوە، درەختێك باڵانما دەکات و خوازیارە لەو دۆزەخەی کە پێی دەگووترێت گێژاو (کائیوس) نسێیەکی فێنك، ساباتێکی دڵڕفێن بۆ گەلانی خێر لەخۆنەدیو، بۆ ژنانی ئازارچەشتوو، بۆ مرۆڤایەتی لەسەر خاکی میزۆپۆتامیا و هەموو جیهان بخوڵقێنێ...

لەجیهان و خۆرهەلاتی ناویندا بەگشتی و باشووری کوردستاندا بەتایبەتی، بەشێوەیەکی سیستەماتیك و پلان بۆکراودا، هەڵمەتێکی فراوان و چڕوپڕ و بەردەوامی؛ ڕەشکردن، ناوزڕاندن، چەواشەکاری و شێواندن لەبەرامبەر ڕاستینەی بزووتنەوەی پەکەکە و ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و شۆڕشگێڕانی نێو ئەم بزووتنەوەیە ئەنجامدراوە و پێشخراوە، لەبەرامبەر فەلسەفە و هزر و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و سیستەمی ژیان و بیر و کارکردنی پەکەکەدا هەوڵ و تەقەللایەکی بێوچان دراوە و لەمەشدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتخایەنیش بێت، تاڕادەیەکی بەرچاو ئەو هەڵمەتانەیان سەریگرتووە. هەڵبەتە دامودەزگاکانی دەوڵەتە زلهێزە ئیمپریالیستەکان، تورکیا و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، هەروەها هێزە بەکرێگیراو و تەسلیمکارەکانی کورد و چەندین نووسەری قەڵەمفرۆش و ویژدانفرۆشی کورد و بیانی

ڕۆڵێکی گرنگیان لەو هەڵمەتەدا بینیوە و تەنانەت لەمڕووەوە لەنێو پێشبڕکێیەکی سەرسوڕهێنەر دابوونە و تا ئانوساتی ئێستاش لەسەر پێشخستنی ئەم هەڵمەتە هەر بەردەوامن و چاوەڕێش ناکرێت "ئیمپریالیزم ــ داگیرکەرانی کوردستان ــ هێزە وابەستەکانی کورد ــ نووسەرە خودفرۆشەکان" هەروا زوو دەستبەرداری ئەم هەڵمەتە هاوبەشەیان ببن. بێگومان زۆر کەمن ئەوانەی بەبێ مەبەست و لەخافڵگیری و نەزانییەوە کەوتوونەتە خزمەتی ئەو هەڵمەتە دژە شۆڕشییەوە. بۆیە گێڕانەوە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی مێژووی بزووتنەوەی پەکەکە لەسەر زمانی خودی پەکەکەییەکان، ئەوانەی بەوپەڕی دروستی و راستگۆیی و جورئەتەوە بەردەوامی بەتێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆیان دەدەن، ئەرکێکی گرنگ و پڕ بەبایەخە. بەداخەوە خودی شۆڕشگێڕانی ئەم بزووتنەوەیە لەمڕووەوە کەمتەرخەمیان نواندووە و مێژووی ئەو بزووتنەوەیەیان بەشێوەیەکی فراوان بەهەموو کەسێك نەناساندووە. ئەمەش جێی رەخنەیە. چونکە ناسین و تێگەیشتن لە پەکەکە لەڕێی خودی پەکەکە و پەکەکەییەکان راسترین و زانستیانەترین رێگەیە بۆ ناسین و تێگەیشتن لەمێژوو و فەلسەفە و سیستەمی بیرکردنەوە و ژیان و تێکۆشانەکەی.

هەولێرنامەی کتێب

لەمیانەی وردبوونەوە و لێكدانەوەی سەرجەم ئەو هەڵمەتە پروپاگەندەییەی لەدژی ئەو تەڤگەرە بەرێوە براوە دەبینرێت كە زۆر شێواز و ئوسلوب بەكاربراوە بۆ وێناكردنێكی ناشرین بۆ ئەم بزووتنەوەیە. بەر لەهەموو شتێك خواستوویانە ئەو پەیوەندییە دیالیكتییكەی نێوان " گەل، پەكەكە، ئۆجەلان" بشێوێنن یان بیپچڕێنن و لەیەكدابڕاو سەیر بكرێن. ئەو هێز و لایەنانە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە دیالیكتكییە بشێوێنن و لەیەكدی بیپچڕێنن هەرچی بەدەمیاندا هاتووە گووتوویانە، هەرچی لەدەستیان هاتووە كردوویانە، لە كەمپینی ناوزڕاندن و ڕەشكردنەوە بگرە تا دەگاتە هەوڵەكانی كوشتن و تیرۆر، لەشەڕ و هێرشبردنەوە تا دەگاتە پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەكان ...هتد، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵ و تەقەللا بەردەوامانەیان، كەچی نەك هەر پەیوەندی تۆكمەی نێوان" گەل، پەكەكە، ئۆجەلان " لاواز نەبووە و نەپچڕاوە، نەك هەر ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆی ئەم سێینەیە بێ كاریگەر نەبووە و نەشكاوە، بەڵكو تا هاتووە ئەم ئیرادەیە بەهێز و تۆكمەتر بووە و ڕۆحی بەرگری و بەرخۆدانی، پەیوەستبوونی گەل بە فەلسەفە و ژیانی ئازادی پەكەكە و ڕێبەر ئۆجەلان تا هاتووە مەزنتر بووە، تا هاتووشە باوەڕی پەكەكە و ڕێبەر ئۆجەلان بەهێز و توانا و ئیرادەی گەل و مرۆڤایەتی

پێشکەوتنخوازیش تۆکمە و بەهێزتر بووە. بۆیە پێویست دەکات هەرکەس و هێز و لایەنێك بخوازێت دۆستایەتی یان دووژمنایەتی ئەو پەیوەندییە دیالیکتیکیانەیەی ئەم سێینەیە بکات، ئەوا پێویستە ئەو راستینەیە بەقووڵی تێبگات کە ئەو پەیوەندییە سەرچاوەی خۆی لەراستینەی فەلسەفە و سیستەمی بیرکردنەوە و ژیان و تێکۆشانی رێبەر ئۆجەلان و گەلی کوردستانەوە وەردەگرێت.

لەم روانگەیەوە، دەگەینە ئەو راستییەی کە ناکرێت بەزیهنییەت و چەمك و لۆژیکە باوەکان لە پەکەکە و رێبەر ئۆجەلان و ئاستی پێگەیشتووی ئەمرۆی گەلی کوردستان تێبگەین، چونکە رێبەر ئۆجەلان و پەکەکە بەزیهنییەت و چەمکێکی نوێوە سەریانهەڵداوە و تێکۆشاون و پەرەیان سەندووە، بەمەش کەسێتییەکی نوێ و هاوچەرخیان بۆ کورد ئافراندووە. زیهنییەتێك لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی پووخت و سەنتێزی (کۆتێزی)یەوە، لەتیۆری و کرداریدا بەئاوێتەیی پێگەیشتووە و پێشکەوتووە، کە قۆناخ بەقۆناخ خۆی پووخت و هەڵاوێرد کردووە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی وەك واقیعێك و راستییەك رەگی خۆی دابکوتێ و لەهەڵکشاندا بێت. بەمەش مێژووی ئەم تەڤگەرە بۆتە قۆناخێکی نوێ و گرنگ لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستان و

مرۆڤایەتی، پارچەیەکی دانەبڕاو لەمێژووی کوردستان، خۆرهەڵاتی ناوین و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئیدی لە ناوەرۆکی مێژووی تەڤگەری پەکەکەدا؛ پووختەی مێژووی گەلێك دەبینین، کە دەستبەرداری مەیلی ئازادیخوازانەی خۆی نابێت و لەپێناو گەیشتن بەئازادی لەئاستی هەرە بڵنددا قوربانی، قارەمانێتی و گیانفیدایی هەرە مەزنی نواندووە و بۆتە سەرچاوەی مۆراڵ و وزە و توانستێکی بەهادار بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان.

ئیدی لەئاکامی تێکۆشانی شکۆدارانەی رێبەر ئۆجەلان و تەڤگەری پەکەکە و خودی گەلی کوردستان نموونەی تاك و کۆمەلگایەکی نوێ و هاوچەرخ ئافرێنرا، تا ئاستێکی بەرزیش توانیویەتی قۆناخی "بەگەلبوون" و "بەنەتەوەبوون"ببڕێت و بەڕادەیەك بتوانێت خۆی ئاوێتەی فەلسەفەی ئازادی بکات و بەجورئەتەوە بێژێ:" ئەگەر ژیانێك هەبێت با بە ئازادی و بۆ ئازادی بێت، ئەگەر مردنێکیش هەبێت با هەر بە ئازادی و بۆ ئازادی بێت" و ببێتە نموونەی" گەلی سەرکەوتوو"، ببێتە ناسنامەیەکی ئازاد بۆ خۆرهەلاتی ناوینێکی نوێ، ئەو گەلەی لەهەموو ئاستەکاندا نکۆڵی لێدەکرا و دەتوایەوە و قڕدەکرا، تەنانەت گەیەندرابووە ئەو قۆناخەی خۆی نکۆڵی لەخۆی بکات و رازی بێت بەم نکۆڵیکردنە و لەململانێ و ناکۆکی و شەڕ و

پێکدادانــە جیهـانی و هەرێمییەکانــدا وەك "قۆچـی قوربـانی"ی هەمیشەیی و وڵاتەکەیشی وەك "گۆڕەپانی شەڕ"ی بەردەوام وابوو، ئەمڕۆ لەسایەی ئەو تێکۆشانە چڕوپڕەی خۆی و رێبەر ئۆجەلان و تەڤگـەری پەکەکـەدا زۆر بەجورئـەت و شـێلگیرییەوە دەڵێـت:"مـن هەم و جگە لەژیانی ئازادانـە و سـەرکەوتن بـەهیچ شـێوە ژیـانێکی دیکـە و ئـەنجامێکی دیکـە رازی نـابم" و وەك ئـەرکێکی ژیـاری و مێـــژوویی، ئـەخلاقی و مرۆڤایـــەتی ببێتـــە داینـــەمۆی دیموکراتیزەبوونی خۆرهەڵاتی ناوین و پزیسکی شۆڕشێکی زیهنی - ویژدانی سەرتاپاگیر...

## (٦)

یـەکێك لـەو هەوڵانـەی؛ بەمەبەسـت و بـێ مەبەسـت، لەبەرامبـەر تەڤگـەری پەکەکـە دراون، ئەوەیـە کـە خـوازراوە ئـەم تەڤگـەرە تـەنیا وەك تەڤگـەرێکی سـەربازی نیشـان بـدرێت و بناسرێت. ئەمە لەکاتێکدا تەڤگەری پەکەکە بەر لەوەی تەڤگەرێکی گـەریلایی و سـەربازی بێـت، تەنانـەت بەرلـەوەی تەڤگـەرێکی سیاسیش بێت، لەبنچینەدا تەڤگەرێکە بناخەیەکی فەلسەفی، هزری و ئایـدیۆلۆژی خـۆی هەیـە و خـاوەن سیسـتەمێکی سـەربەخۆ و

ئازادی بیر و ژیان و تێکۆشانە و تێکۆشانی سیاسی و گەریلایی خۆیشی لەسەر بناخەی ئەو فەلسەفە و هزر و ئایدیۆلۆژیا و سیستەمە پێشخستووە. هەندێك كەس وا پێناسەی تەڤگەری پەکەکە دەکەن کە تەنیا تەڤگەرێکی نەتەوەیی یان ناسیۆنالیستییە، یاخود پێیان وایە تەنیا تەڤگەرێکی چینایەتی چەپڕەوە. بەڵام لەراستینەی فەلسەڤ و هزر و ئایدیۆلۆژیا و سیستەمی ئەو تەڤگەرەدا تاکڕەهەندی یان تاکلایەنی نابینرێت، بەڵکو فرە ڕەهەند و فرەلایەنە و لەرووی تیۆری و کرداریدا بەئاراستەی ئاسۆیی، ستوونی و قووڵاییدا لەپێشکەوتن و نوێبوونەوە دایە. بۆیە سەرتاپای تێکۆشانی هزری و کرداری خۆی لەئاستی پێنج تەوەری بەیەکەوە پەیوەست و ئاوێتەییدا پێشدەخات کە:" تێکۆشانی خود، تێکۆشانی رەگەزی، تێکۆشانی چینایەتی، تێکۆشانی نەتەوەیی و تێکۆشانی مرۆیی"ن. ئامانج لەو پێنج تەوەرەی تێکۆشانیش بنیادنانی کەسێتی و کۆمەڵگایەکی ئازاد و سیستەمێکی گەلەری دیموکراتییە. لەم پێناوەشدا تێکۆشانی هزری و ئایدیۆلۆژی، سیاسی و گەریلایی (سەربازی)، کولتووری و کۆمەڵایەتی پێشخستووە. بۆیە بەو رادەیەی تێکۆشان لەبەرامبەر "خود"ی دەستەمۆ و بنیادنانی خود (کەسێتی)ییەکی ئازاددا گرنگێتی خۆی هەیە، بەهەمان رادەش تێکۆشان لەبەرامبەر

سیستەمی باڵادەستی پیاوسالارێتی و کەسێتی "ژن و پیاو"ی باو و کلاسیك گرنگە، هەر بەهەمان رادەش تێکۆشان لەبەرامبەر شارستانێتی چینایەتی و فەراهەمکردنی یەکسانی و دادپەروەری گرنگە، هەر بەهەمان رادەش تێکۆشانی ژیانەوەی نەتەوەیی کورد و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردەواری و گەیشتن بەماف و ئازادی نەتەوەیی، هەروەها بەرگریکردن لە سروشت و ژینگە و تەواوی مرۆڤایەتی و ئەو تەحەدیاتانەی رووبەڕووی تەواوی مرۆڤایەتی بۆتەوە، گرنگ و بایەخدارە.

بێگومان بەهۆی هەلومەرجی بابەتی و خودی دەرکەوتنی تەڤگەرەکە و هەبوون و قووڵبوونەوەی کێشەی کورد و ئەو سیاسەتە هێرشکارییەی داگیرکەران و هێزە ئیمپریالیستەکان و هێزە باڵادەستەکانی چینی سەردەستی کورد، زیاتر مۆرکی نەتەوەیی و چینایەتی و سەربازی وەك تایبەتمەندێتی سەرەکی تەڤگەری پەکەکە بەدیار کەوتووە و پێیەوە ناسراوە، ئەمە تەنیا بەشێکی راستینە و ناسنامەی تەڤگەری پەکەکەیە، بەڵام لەگەوهەر و راستینەی ئەم تەڤگەرەشدا؛ بەر لەهەموو شتێك ئافراندنی فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایەك، سیستەمێکی سەردەمیانە هەیە بۆ بیرکردنەوە و ژیان و خەباتکردن. لەسەر ئەو بنەمایەش لەپێناو ئامانجەکاندا شێوە و شێوازەکانی تێکۆشان و بەرخۆدانی لەئاستی

کەسێتی، رەگەزی، چینایەتی، نەتەوەیی و مرۆڤایەتی بەڕێوەبردووە و پێشیخستووە. لەمیانەی خوێندنەوەیەکی زانستی و بابەتیانەی مێژووی تەڤگەری پەکەکەدا دەرك بەهێڵی گشتی ئەو فەلسەفە و سیستەمە دەگرێت و تایبەتمەندی و بنەما سەرەکییەکانی دەبینرێت.

هەروەها لەمیانەی خوێندنەوەی سەدان پەڕتووك و نامیلکەی رێبەر ئاپۆ و هەزاران پەرتووك و نامیلکەی ئەم تەڤگەرەدا راستینەی رێبازێکی فەلسەفی و هزری و ئایدیۆلۆژی و سیاسی دەبینرێت. بێگومان لەچوارچێوەی سەرجەم ئەو شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنە فەلسەفی و هزری و ئایدیۆلۆژییەدا شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی قووڵ و زانستیانەی تاك و کۆمەڵگای کورد دەرکی پێدەکرێت، کە یەکەمجارە لەو ئاستە فراوان و قووڵەدا لەرووی مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا گەلی کوردستان بە تاك و کۆمەڵگایەوە بکەوێتە بەر توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەوە. ئەوەش بەهایەکی زانستیانەی مەزنی خۆی هەیە.

لەرووێکی دیکەوە کاتێك قۆناخەکانی مێژووی تەڤگەری پەکەکە دەخوێنینەوە مێژووییەکی تەواو بەیەکەوە پابەند و پەیوەست دەبینین. رووداو و ئاڵوگۆڕەکان، پێشکەوتن و

گۆڕانکارییەکان گرێدراوی یەکن و هیچیان لەوەی دیکەیان دابڕاو و پچڕاو نیین و یەکدی تەواو دەکەن. هەڵبەتە ئەوەی رۆنەچێتە قووڵایی ئەم مێژووەوە، ناتوانێت دەرك بەراستینەی پەیوەندی نێوان ئەڵقەکانی ئەم مێژووە بکات و لێی تێبگات. بۆیە رەچاوکردنی ئەو راستینەیە تێگەیشتنی قووڵ و راست بۆ ئەم مێژووە دێنێتەدی.

هەواڵنامەی کتێب

(٧)

یەکێك لەرەهەندە هەرە گرنگەکانی مێژووی تەڤگەری پەکەکە رەهەندی ئەنتەرناسیۆنالیتی و مرۆڤایەتی بوونییەتی. هەم لەپێکهاتە و سەرهەڵدانیدا، هەم لەروانگە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکەیدا خاوەن سروشتێکی ئەنتەرناسیۆنالی و مرۆڤایەتی هەیە. کاتێك رێبەر ئاپۆ دەیەوێت ئەوەی لەئەنجامی لێگەڕین و لێکۆڵینەوە هزریەکانیدا ئاکامگیر بووە بۆ هاوڕێ نزیکەکانی خۆی لەزانکۆ بدرکێنێت، دوو هاوڕێی هەرە دەستپێکی لە رۆڵەکانی گەلی لاز و تورکن، کە هەڤالان "حەقی قەرار و کەمال پیر" ن. ئەم دوو هاوڕێیەی لەسەر بنەمای چەمکی " تا گەلی کورد

ئازاد نەبێت گەلی تورکیش ئازاد نابێت" هەڤاڵێتی رێبەر ئاپۆ دەکەن و یەکەمین گروپی سێ کەسی بۆ سەرهەڵدانی تەڤگەری ئاپۆچیتی پێکدێنن. لەماوەی ئەو سی و شەش ساڵەی تێکۆشانی پەکەکە و چل و یەك ساڵەی تەڤگەری ئاپۆییدا بەسەدان و هەزاران رۆڵەی دیکەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین "تورك، تورکمان، عەرەب، فارس، چەرکەس، ئەرمەن، ئاشووری و سریانی..." و گەلانی دیکەی جیهان بەشداری ئەم تەڤگەرە دەبن و بە قارەمانێتی گیانی بێگەردی خۆیان دەبەخشن و تا ئێستاش بەردەوامن لەتەڤلیبوون و تێکۆشاندا و تەڤگەری پەکەکەش شانبەشانی تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەو تایبەتمەندییە ئەنتەرناسیۆنالیستییەی خۆیشی پێشدەخات.

لەو باوەڕەدام چەند هۆکارێکی سەرەکی بۆ تەڤلیبوونی ئەو تێکۆشەرانە لەئارادایە:

یەکەمینیان: پشتیوانی و بەشداریکردنە لەتێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد، چونکە گەلی کورد وەك یەکێك لە دێرینترین و چەوساوەترین گەل لەمێژوو و رۆژگاری ئەمڕۆماندا، لەکەسێتی گەلی کورددا تەواوی بەها مرۆییەکان ژێرپێ خراون و لەدەستدراون. بۆیە ئازادبوونی ئەم گەلە و گەیشتن بەمافە رەواکانی، ئەوا لەهەمانکاتدا گەڕاندنەوەی رێز و بەها

لەدەستدراوەکانیشە بۆ مرۆڤایەتی، لەسەر ئەو بنەمایە پشتیوانی و بەشداریکردن لەتێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد تێکۆشانە لەپێناو ئازادی و مرۆڤایەتی و گەڕانەوەی بەها مرۆڤایەتییەکان. ئەمەش گەوهەری ئەو ئەنتەرناسیۆنالیتی و مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستییەیە کە پەکەکە لەخۆیدا بەرجەستەی کردووە.

دووەمینشیان: گەوهەری مرۆڤایەتییانەی تەڤگەری پەکەکە و مژوولبوون (خەریکبوون) و تێکۆشانییەتی لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هەڵواسراو و قووڵەکانی مرۆڤایەتی، وەك کێشە زیهنی و ویژدانییەکان، کێشەی ماف و ئازادی ژن، کێشە کولتووری و شارستانی و ئیکۆلۆژییەکان.

سێیەمینیش: فەلسەفە و پارادیگمای رێبەر ئۆجەلان و پەکەکە پووختەی بەرهەمی تێکۆشانی هزری و مرۆڤایەتییە، کۆتێزی فەلسەفی و هزرە مرۆڤایەتییەکانە، بەواتایەکی دیکە لەهەموو فەلسەفە و پارادیگما و زانست و داهێنانە هزرییەکان سوودمەندبووە و لەئاکامدا پارادیگمایەکی نوێی داهێناوە. بەمەش پەکەکە کۆی بەها هزرییەکانی مرۆڤایەتی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە. ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ تەڤلیبوونی کەسانی دەرەوەی کورد لەم تەڤگەرەدا.

هەواڵنامەی کتێب

بێگومـــان هـــەبوونی دیـــاردە و کێشـــەی کـــورد هۆکـــار و هەلومـەرجی سـەرەکی دەرکـەوتنی تەڤگـەری پەکەکە بووە، بـەڵام وەکو دەردەکـەوێت ئـەو دیـاردە و کێشـەیەش بـەدەر نییـە لـەکۆی کێشە مرۆڤایەتییەکانی دیکە. بۆیە دەبینین کاتێك ڕێبەر ئۆجەلان بـەدوای گەوهـەری سۆسـیالیزمدا دەگـەڕێ و لێکۆڵینـەوە لەسـەر مێژووی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دەکات، لەمیانەی ئەو لێگەڕین و لێکۆڵینەوەیەشدا مێژووی کورد و دیاردە و کێشەی کورد قـووڵتر دەناسـێت. چـونکە تـا ئەوکاتـە لەهەلومـەرجی سـاڵانی حـەفتاکانی تورکیـادا بچـووکترین زانیـاری سـەبارەت بـە کـورد و کوردسـتان دەسـت ناکـەوێت، بـەڵام دەرك بـەوەش دەکات کـە کـورد وەکو گەلێك خاوەن کێشەیەکە. بۆیە لەرێگەی تێگەیشتن لـەهزری سۆسـیالیزم و مێـژووی مرۆڤایـەتی لەمێـژووی کـورد و راسـتینەی دیـاردە و کێشـەی کـورد تێـدەگات و دەگاتـە ئـەو راسـتییەی کـە "کوردستان داگیرکراوە" و سۆسیالیزمیش رێگای ئازادی گەلی کورد و رزگـاری کوردسـتانە. لەمەشـەوە بـۆی روونـدەبێتـەوە کـە چـینی باڵادەسـتی کـوردیش گرێیـەکی نێـو ئـەو کێشـەیەیە و بەشـێکە لەسیسـتـەمی داگیرکـەری و سیسـتـەمی داگیرکـەریش بەشـێکە لەسیسـتەمی سـەرمایەداری جیهـانی. بۆیـە پێشـەنگایەتیکردنی کۆمەڵگای ژێرەوە (چین و رەگەزی ژێردەست) لەشۆڕشی رزگاری

کوردستان دەبێتە مەسەلەیەکی لێبڕاوانە. بێگومان چەندە لەو لێگەڕین و لێکۆڵینەوەیەی خۆی قووڵ دەبێتەوە لەئاکامدا دەگاتە ئەو دەستنیشانکردنەی کە؛ کێشەی کورد قووڵترین کێشەی نەتەوەییە لەجیهاندا، بەڵام کێشەیەکی دیکە لەکێشەی کورد قووڵتر و دێرینتر و ئاڵۆزتریش هەیە، ئەویش کێشە ڕەگەزی ژنە.

(٨)

هەروەها ئەو تایبەتمەندییانەی کەوا داگیرکەری و سیستەمی سەرمایەداری جیهانی بەتاك و کۆمەڵگای کوردی داوە لەگەڵ خۆیدا زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی دروستکردووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە گرفت و پرسی کەسێتییە. لەئاکامدا هەموو ئەو تەوەرانە دەبنە تەوەری لێگەڕین و لێکۆڵینەوەکانی ڕێبەر ئۆجەلان و قووڵبوونەوە بەناخی کێشە و گرفتە مرۆڤایەتییەکاندا. ئەمەش تایبەتمەندێتی فرە ڕەهەندی و فرە تەوەری فەلسەفە و پارادیگما و ئایدیۆلۆژیای ڕێبەر ئۆجەلان دەئافرێنێت و دەبێتە تایبەتمەندێتی فەلسەفە و پارادیگما و ئایدیۆلۆژیای تەڤگەری پەکەکە و تاك و کۆمەڵگای نوێی کوردیش.

بەر لەسەرهەڵدانی تەڤگەری پەکەکە، کێشەی کورد پاوانی دەستی چینی باڵادەستی کورد بوو، ئەو چینەش بەهۆی تایبەتمەندێتی عەشیرەتگەرایی و بەکرێگیراوێتی خۆیەوە کێشەکەی قووڵتر و ئاڵۆزتر کردبوو و لەئاکامدا ببووە هێز و پشتیوانییەکی مەترسیدار بۆ ئەنجامگیربوونی سیاسەتی نکۆڵی و توانەوە و فڕکردنی کوردان. ئەو چینە بە ئایدیۆلۆژیای "میللیگەرای سەرەتایی" خۆیەوە، بەهەر دوو ئاراستەکەیەوە (فیوداڵێتی بەکرێگیراو - بۆرژوازی مشەخۆر) تێکۆشانی ئازادیخوازانەی گەلی کورد دووچاری چەندین شکست و کۆمەڵکوژی کردبۆوە، کە لەئاکامدا دەروازەی تەسلیمکاری و بەکرێگیراوێتی و خیانەتی خستبووە سەرگازەرەی پشت و زەمینەی سەرخستنی سیاسەتی داگیرکەرانەی زیاتر ڕەخساندبوو. ئەو چینە سەرەڕای ئەوەی پارچەبوونی کورد و کێشە قووڵەکەی بەچەمکی "پارچەگەرێتی، ناوچەگەرێتی و عەشیرەتگەرایی" پارچە پارچەتر و قووڵتر کردبووەوە، لەهەمانکاتیشدا ڕێگای سەرهەڵدانی هیچ تەڤگەرێکی ئازادیخوازیان نەداوە و هەمیشە بەلۆژیکی "ئەگەر شۆڕشمان پێناکرێت، ناهێڵین کەسیش شۆڕش بەرپا بکات" هەڵسوکەوتیان کردووە و پاشانیش لەگەڵ دەرکەوتنی تەڤگەری پەکەکەشدا بەشداری سەرجەم هێرش و پیلانگێڕییەکانی داگیرکەران و زلهێزە

سەرمایەدارەكانی جیهانیان لەدژی تەڤگەری ئازادیخواز كردووە. بۆیە لەگەڵ دەركەوتنی تەڤگەری ئاپۆچیێتی و پەكەكەدا چینی باڵادەستی كورد و هێزە میللیگەرا سەرەتاییەكانی، بەهەموو شێوەیەك لەنێو هێرش و پیلانگێڕی دابوونە، یەكەم پەیامی ئەو هێزە میللیگەرا سەرەتاییانە بۆ تەڤگەری ئاپۆچیێتی كە دەخوازن رووی تێكۆشانیان لە ئەنقەرەوە بەرەو كوردستان ئاراستەگیر بكەن پێیان دەڵێن:"ئەگەر بێنەوە كوردستان قاچتان دەشكێنین". ئیدی چینی باڵادەستی بەكرێگیراو و هێزە میللیگەرا سەرەتاییەكان لەسەرەتای دەركەوتنی تەڤگەری پەكەكەوە تاكو رۆژگاری ئەمڕۆ، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەبەرەی سیستەمی داگیركەری و ئیمپریالیستیدا شوێنگیر بوونە و زۆر جار زەبری مەزنیشیان لەم تەڤگەرە داوە.

بە قووڵبوونەوە لەمێژووی تەڤگەری پەكەكەدا ئەم راستییە بەروونی دەردەكەوێتە روو؛ بەتایبەت لەسەرەتای نەوەدەكانی سەدەی رابردووەوە تاوەكو رۆژگاری ئەمڕۆ، هێرش و پیلانگێڕییەكانی میللیگەرای سەرەتایی مۆركی خۆی لەرووداوەكان دەدات. وادیارە مورید و پابەندانی هێڵی میللیگەرای سەرەتایی، پێشكەوتن و هەڵكشانی رێبازی ئازادیخوازی تەڤگەری پەكەكە بەهەڕەشە و مەترسییەكی مەزن بۆ سەر خۆیان و

بەرژەوەندییـەکانیان دەبیـنن، بۆیـە ئیـدی لـەزۆر دۆخـدا زۆر بەراشکاوی و بێ باکانە پەرە بـەهێرش و پیلانگێڕییـەکان دەدەن و بەشدارییەکی بەرچاو و ئاکتیڤی سـەرجەم هێـرش و پیلانگێـڕی و کەمپینـەکانی رەشـکردن و ناوزڕانـدنی تەڤگـەری پەکەکـە دەبـن، بەمــەش خۆیــان بــەهێز و باڵادەســت دەکــەن و لەباشــووری کوردستانیشدا قەوارە و نیمچە دەوڵەتێکیش سازدەکەن و پشتگیری داگیرکەران و زلهێزەکانی دونیاش بەدەست دەهێنن.

بێگومــان رێبــەر ئــاپۆ و تەڤگــەری پەکەکـە لـەتاوتوێکردن و دەستنیشانکردنـدا کێشەی کوردیان بەدابڕاوی و لەدەرەوەی مەسەلە رەگــەزی و چــینایەتییەکان و کێشــە مرۆڤایەتییــەکانی دیکــەدا نەبینی، تەنیا وەك کێشەی گەل و وڵاتێکی ژێردەستە و داگیرکراو و دابەشکراو سەیریان نەکرد. چونکە کێشـەی گـەلی کـورد، سـەرەڕای پارچەبوون و دابەشبوون یەك کێشەیە و چوار شـێوەی وەرگرتـووە و بەهــەزار پەتــەوە پەیوەســتە بەکێشــە و گرفتــە مێــژوویی و شارســتانییە مرۆڤایەتییەکانــەوە، پابەنــدە بەسیســتەمی هــەزاران ساڵەی داگیرکـەری و سیستـەمی پلـەداری (هیرارشـی) دەوڵەتگـەرایی پیاوسـالاری. لەسـەر ئـەو بنچینـەیە، تەڤگـەرێکی ئـازادیخوازی ئـەم گەلە ناتوانێت هەر تەنیا لەبۆتەی ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانـدا قەتیس بمێنێت و خۆی بەرتەسك و سنووردار بکات.

## (٩)

لێرەدا چەمکی "شۆڕش" واتایەکی فرە مەودایی و فرە ڕەهەندی و سەرتاپاگیری بەدەست دەهێنێت. بۆیە "شۆڕش" واتای باوی خۆی، کە تەنیا تەڤگەر و تێکۆشانێکی چەکدارییە لەدەستدەدات و لەتەوەری تاك، ڕەگەز، چین، نەتەوە و مرۆڤایەتیدا واتاگیر دەبێت و لەئاستی زیهنییەت و ئاکار و ویژدانیشدا خۆی بەرپا دەکات، لەم چوارچێوەیەدا شۆڕشی ژیاندنەوەی گەلی کورد و شۆڕشی دیموکراتی و دیموکراتیزەکردنی تاك و کۆمەڵگای کورد خۆی بەرۆژەڤی تەڤگەر و گەلی کودستان دەکات، کە لەئاکامدا زەمینەی بەرپاکردنی شۆڕشێکی زیهنی و ویژدانی دەڕەخسێنێ و دەگاتە لوتکە. لەسەر ئەو بنچینەیە؛ شۆڕش وەك پرۆسەیەکی داڕووخاندن و سەرلەنوێ بنیادنانەوە، یان سەرلەنوێ ئافراندنەوە لەتەوەری خود (تاك)، ڕەگەز (ژن ـ پیاو)، چین (کۆمەڵگای ژێرین ـــ کۆمەڵگای سەروو)، نەتەوە (ماف و ئازادی نەتەوەیی) و مرۆڤایەتی ( سەرجەم کێشە مرۆڤایەتییەکانی وەك مەسەلە زیهنی و ویژدانییەکان، مەسەلە ژینگەییەکان و شارستانییەکان) بەردەوامی بەخۆی دەدات و هەڵدەکشێت.

بێگومان پێویست دەكات لەمیانەی وردبوونەوە لەم مێژووەدا دەرك بەو راستییەش بكەین كە لەروانگەی ئەم تەڤگەرەوە ئیدی چەمكی "شۆڕش" دەستبەرداری لەپابەندبوونی خۆی بەچەمكی زەبروزەنگ "توندوتیژی" دەكات و بەتایبەتمەندییەكی سیستەمی دەوڵەتگەرایی دەبینێت و جگە لەپرەنسیپی "بەرگری رەوا" هیچ كاتێك پەنای وەبەرنابات. لەمڕووەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو تایبەتمەندییەی چەمكی "شۆڕش" واتا فرە رەهەندی و دەستبەرداربوون لەزەبروزەنگ، دەكرێت لەخوێندنەوەی ئەم مێژووەدا بەرپاكردنی شۆڕشێك لەچەمكی كلاسیكی "شۆڕش"دا ببینین، كە خۆی لە "تیۆری گۆڕەپانی سێیەم" و بنیادنانی سیستەمی كۆنفیدرالی دیموكراتی گەلدا دەبینێتەوە. لەمیانەی ئەو تایبەتمەندییە فرە رەهەندییەی خۆیەوە دەستبەردانی لەچەمكی زەبروزەنگ، وەك تاكە بژارێك پرۆسەی پەروەردەكردن، هوشیاركردنەوە، خۆ رێكخستەكردن، نواندنی چالاكی دیموكراتییانە و مەدەنییانە، بەبنەما وەردەگرێت، كە دەكرێت گۆڕان و وەرچەرخانی ریشەیی لە زیهنییەت و ئاكار و ویژداندا بێنێتەدی. ئەمەش بۆخۆی دەستكەوت و بەهایەكی هێژایە و رێك دووركەوتنەوەیە لەو زیهنییەت و سیستەمە باڵادەستەی دەسەڵاتگەرایی و دەوڵەتگەرایی پیاوسالاری.

(١٠)

لێرەدا گرنگە برێك لە سروشت و کرۆکی پیلانگێرییەکان بدوێین، چونکە لەخوێندنەوەی تەواوی مێژووی تەڤگەری پەکەکەدا تەون و تەڵەزگە پیلانگێڕییەکان گرەو لەسەر لەناوبردن، بێ کاریگەرکردن، پارچەکردن، مارژینالکردن و بەلاڕێدابردن و بەخۆوەگرێدانی ئەم تەڤگەرە دەکرێت. لەراستیدا؛ بەبێ تێگەیشتن لەناواخن و ئامانجە شاراوەکانی کۆنسێپتە پیلانگێڕییەکان ناکرێ لەقووڵایی ئەم مێژووەش تێبگەین.

پیلانگێڕێتی؛ تایبەتمەندییەکی هەرە بنچینەیی زیهنییەتی دەسەڵاتخوازێتی و سیستەمی داگیرکەرێتییە. رەگی پیلانگێڕێتی تا قووڵایی مێژوو رۆچووە و لق و پۆپەیشی تا رۆژگاری ئەمرۆش هاتووە. لەکوێ چەوسانەوە و نادادی و نایەکسانی هەبێت، لەوێ تێکۆشان بۆ ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی پێشکەوتووە، بەڵام هەمیشە لەبەرامبەر ئەو تێکۆشانەشدا تەونی پیلانگێڕێتی دەچنرێ. لەگەڵ یەکەم هەنگاوی دابەشبوونی نێو کۆمەڵگا سروشتییەکاندا پیلانگێڕێتییش وەك شێوازێکی چەوساندنەوە، باڵادەستێتی و کۆیلایەتیکردن تاهاتووە پەرەی سەندووە و شێوە و

چوارچێوەی جۆربەجۆری وەرگرتووە. هەرچەندە شێوە و شێواز و ئامانجەکانیان جیاوازیش بن، بەڵام سروشت و ناواخنی هەموو پیلانگێڕییەکان یەکن.

لەو باوەڕەدام هیچ گەلێك بەڕادەی گەلی کورد پیلانگێڕێتی لەدژدا ئەنجامنەدراوە. ڕەنگبێ سروشت و پێکهاتەی ئەم گەلە و وڵاتەکەی و مەیلە ئازادیخوازانەکەی، کە لەنێو قۆناخی نیۆلۆتیکەوە سەرچاوە دەگرێت، هۆکارێکی بنچینەیی چنینی پیلانگێڕییەکان بێت لەدژیدا.

پەکەکەش وەك تەڤگەرێکی سەربەخۆی ئازادیخوازی هەڵقوڵاوی نێو ئەم گەل و وڵاتە لەبەرامبەر مەیلە ئازادیخوازنەکەیدا زۆرترین و چڕوپڕترین و مەترسیدارترین پیلانگێڕێتی لەدژدا ئەنجامدراوە. سەرجەم ئەو هەوڵە پیلانگێڕییانەی ئەنجامدراون؛ چ لەناوخۆییدا بێت، یان دەرەکی بێت، لەناوەندێك یان لەچەند ناوەندێکی هاوبەشدا چنراون و بەڕێوەبراون، ئەو پیلانگێڕییە دەرەکییانەی ئەنجامدراون هەوڵدراوە زەمینە و پشتیوانی ناوخۆیی لەناو کوردان (هەم لەناو تەڤگەر و هەم لەناو هێزە کوردییەکاندا) بەدەستبخات. بەهەمان شێوە؛ پیلانگێڕییە ناوخۆییەکانیش بەزەمینە و پشتیوانی دەرەکی (هێزە داگیرکەرەکان، زلهێزە ئیمپریالیستەکان) ئەنجامدراون. کرۆك

و ئامـانجی سـەرجەم پیلانگێڕییـەکان؛ سـەرەتا دەسـتپێکردنی کـەمپینی ناوزڕانـدن و ڕەشـکردنی تەڤگـەرە، ئەگـەر ئەمـەش ئـەنجامگیر نـەبوو ئـەوا هـەوڵی بێکاریگـەریکردن و مارژینـالکردن، ئەگـەر ئەمـەش ئـەنجامگیر نـەبوو، هـەوڵی پارچـەکردن و بەخۆوەگرێدان و بەلاڕێدابردن دەدرێت، ئەگەرنا هەوڵی لەناوبردن و تەسفیەکردنی دراوە.

دەکرێ لـەو پیلانگێڕییانـەی کـە لەبەرامبـەر ڕێبـەر ئـاپۆ و پەکەکە و گەلی ئازادیخوازی کورددا ئەنجامـدراون کـۆی ئـەزموونی پیلانگێـڕێتی مێـژووی مرۆڤایـەتی ببیـنین. واتـا لـەناواخن و شـێوازەکانی ئـەو پیلانگێڕییانـەدا سـەرجەم شـێواز و تاکتیـك و نەخشـە و ئـامرازە بـەکاربراوەکان بـەکارهاتوون. بۆیـە پیلانگێڕییـەکان نموونـەی گڵاوتـرین، هۆڤانـەترین و مەترسـیدارترین پیلانگێـڕیین. لـەکۆی ئـەو پیلانگێڕییانـەدا پـەیامێك یـان ئامـانجێکی زلهێـزە باڵادەسـتەکانی جیهـانی و داگیرکەرانی کوردستان خۆی حەشارداوە، ئەویش ئەمەیە:" نابێ لە خۆرهـەڵاتی نـاوین بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبـەتی هـیچ هێـز، تەڤگەر و سیستەمێکی سەربەخۆ و ئـازاد سـەرهەڵبدات، ئەگـەریش سەرهەڵبدات ئەوا مسۆگەر مەحکومی ناوزڕانـدن، بێکاریگـەرکردن، مارژینـالکردن (بچـووککرنەوە)، پارچـەکردن و بەخۆوەگرێـدان،

بەلارێدابردن و لەناوبردنە" سەرجەم ئەو شێواز و تاکتیکانەش شێواز و تاکتیکی پیلانگێڕیین. لەم پێناوەشدا هەمیشە چینی بالآدەستی کورد و چینە بالآدەستەکانی نێو گەلانی خۆرهەلآتی ناوین و ئەو هێزانەی نوێنەرایەتییان دەکەن دەست لەسەر سنگ ئامادەی هەموو تێوەگلان و تێوەخزان و بەشداریکردنێکن لەو پیلانگێڕییانەدا. ئیدی ئەوەی لەبەرامبەر رێبەر ئاپۆ، پەکەکە و گەلی کورددا ئەنجامدراوە و بەڕێوەبراوە، رێك لەگەڵ ئەو راستییەدا یەکانگیر دەبێتەوە. بێگومان پیلانگێڕان هەمیشە بێباك بوونە لەو گەمە گلآوانەی ئەنجامیان داوە، گرنگ پاراستنی بەرژەوەندییە کاتی و هەمیشەییەکانیان بووە.

ئەگەر ئەمڕۆ دوای هەموو ئەو پیلانگێڕییانەی لەبەرامبەر گەلی کورد بەگشتی و پەکەکە و رێبەر ئۆجەلان بەتایبەتی ئەنجامدراون، بەوردی لەئاکامەکانی ئەو پیلانگێڕییانە بکۆڵینەوە، دەکرێ بپرسین: داخوا گەلی کورد، پەکەکە و رێبەر ئاپۆ ملکەچی پیلانگێڕان بوون؟ بێکاریگەر و پارچە و مارژینالّ کران؟ بەوانەوە گرێدران و بەلارێدابردران؟ لەناوچوون؟ پیلانگێڕان ئەنجامگیربوون؟ پیلانەکانیان سەرکەوت؟

لێرەوە دەتوانین بڵێین؛ هەرچەندە پیلانگێڕان زەبریان لە گەلی کورد و پەکەکە و رێبەر ئۆجەلان داوە و زۆر زەرەرمەند

بوون، چەندین کۆسپ و تەگەرە و ئێش و ژان و کێشە و گرفتی زۆریان بۆ دروستکردوون و ڕێگای گەیشتن بەئازادی و مافەکانیان دوورتر کردۆتەوە. بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە گەلی کورد، پەکەکە و ڕێبەر ئۆجەلان بێکاریگەر و پارچە و مارژینالْ بکەن یان بەخۆیانیانەوە گرێبدەن و بەلاڕێیاندا ببەن، یاخود لەناویان ببەن. هیچ کاتێك نەیانتوانی باوەڕی و هیوا و ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆیان تێکبشکێنن، یان لەفەلسەفەی ئازادی و ژیانێکی شکۆمەند بەدووریان بگرن. ڕاستە گەلی کورد و پەکەکەیان دووچاری چەندین شەڕ و پێکدادانی دەستەویەخە کرد، گەلێك دەرفەتی بەهاداریان لەدەست کورد و پەکەکە بەفیڕۆدا، زۆر توانستی ماددی و مەعنەوی گەلی کورد و پەکەکەیان بەهەدەر دا، ڕێبەر ئاپۆیان بە گڵاوترین شێوەی پیلانگێڕیتی دەستگیر کرد، تەنانەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لەنێو دۆخی گۆشەگیری لەناو گۆشەگیریدا بەقێزەونترین ڕەفتار ژەهرخواردیشیان کرد... مسۆگەر لەمەو دواش پیلانگێڕان دەستبەرداری پیلانگێڕیتی خۆیان نابن... بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو گورزە کوشندانە، گەلی کورد، تەڤگەری پەکەکە و ڕێبەر ئۆجەلان لەهەموو کاتێکی دیکە زیاتر بەکاریگەرتر، تۆکمەتر، بەهیواتر و بەباوەڕتر و بەئیرادەترن، لەهەموو کاتێك زیاتر پەیوەستی یەکدی و پەیوەستی ئازادین،

ئەمڕۆ گەلی کورد لەرووی چۆنایەتییەوە گۆڕان و وەرچەرخانێکی مەزنی بەخۆیەوە بینیوە و بانگەشەی ئازادیخوازانەی خۆی لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر بەرزتر و بەهێزترە. تەڤگەری پەکەکەش ئیدی لەتەڤگەرێکی کادیران و نوخبە دەرچووە و بۆتە تەڤگەرێکی جەماوەری گەلەری هەرە مەزنی جیهان. فەلسەفە و پارادیگمای رێبەر ئاپۆش سنووری تەواوی کوردستانی بڕیوە و بەرەو خۆرهەلاتی ناوین و جیهان هەلدەکشێ و وەك بەهایەکی هەرە هێژای مرۆڤایەتی لێیدەڕوانرێ.

ئەمڕۆ گەلی کورد بەسروشت و تایبەتمەندی ژیاری و شارستانی و هاوچەرخانەی خۆیەوە رۆڵی داینەمۆی رێنسانس، رۆشنگەری، دیموکراتیزەکردن و کۆنفیدرالێتی خۆرهەلاتی ناوین دەگێڕێت. تەنانەت لەدۆخی تەڤلیبوونی تورکیا بۆ یەکێتی ئەورووپا گەلی کورد بەو سروشت و تایبەتمەندییەی خۆیەوە، کە تەڤگەری پەکەکە تێیدا ئافراندوویەتی وەك چوارەمین گەورەترین گەل لە ئەورووپا توانستی رێڕەوکردنی لەگەڵ گەلانی ئەورووپادا هەیە. بەمەش هەم بە ناسنامەی خۆرهەلاتییانەی خۆی و هەمیش بە ناسنامەی ئەورووپاییانەی خۆییەوە رۆلگێر دەبێت. ئیدی ئەو گەلەی بەهەموو شێوەیەك نکۆڵی و قڕدەکرا و لەنێو بۆتەی گەلی سەردەستدا دەتوێنرایەوە، ئەمڕۆ بەو وزەو توانستە شاراوەیەی کە

ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە لەم گەلەدا دەریخستۆتە ڕوو، بەو شێوەیە ئاراستەگیر بوو. هەڵبەتە ئاستی پیلانگێرییەکان وەك چۆن گوزارشت لەئاستی کێشەی گەلی کورد دەکات، ئەوا بەهەمان شێوە گوزارشت لە ئاستی پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی تێکۆشانی گەلی کورد، پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆش دەکات، ئەم تێکۆشانە سەرەڕای هەموو مەترسییەکان و ئەگەری ڕوودانی پیلانگێڕیتی کوشندەتر و گلاوتریش، بەلام کۆتایی بەسەرکەوتنی سەردەمی پەیماننامە و ڕێککەوتنە شوومەکانی قەسری شیرین، سایکس بیکۆ، لۆزان، سەعد ئاباد، سەنتۆ، بەغداد، جەزائیر، دبلن و واشنتۆن و ...هتد هێنا و سەردەمی "گەلی سەرکەوتن" دەستی پێکردووە و هاوار و بانگەشەی ئازادیخوازانەی تادێت جیهانی "کەڕ، لاڵ، کوێر" تێدەپەڕێنێت و وێنای جیهانێك کە "کوردی ئازاد"یش هەرسبکات، دەنەخشێنێت.

بێگومان ئەمە بەو واتایە نایەت کەچیدی لەبەرامبەر کوردان و تەڤگەر و ڕێبەرە ئازادیخوازییەکەی پیلانگێڕیتی ئەنجام نادرێت. ڕێك بەپێچەوانەوە ئێستا پیلانگێڕیتی هەرە مەزن بەڕێوە دەچێت. تەنانەت ئەو پیلانگێرییە نێودەوڵەتییەی کە لە(١٥)ی شوباتی (١٩٩٩)دا ڕێبەر ئۆجەلانی تێدا ڕفێنرا و ڕادەستی ڕژێمی تۆتالیتاری تورکیا کرایەوە، دوای ئەو پیلانگێرییەش تا ئێستا بە

چەندین شێوازی دیکە پیلانگێڕییەکان بەردەوامن، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە لە ئانوساتی ئێستادا پیلانگێڕێتی هەرە مەزن و گۆی هەموو پیلانگێڕییەکان لەئارادایە. بەڵام ئەو پیلانگێڕیانەی ئێستاش و داهاتووش مەحکومی شکست و دۆڕانن. چونکە گرەوە مێژووییەکەیان دۆڕاندووە و ئەوەی مێژووش بدۆڕێنێ ئەمڕۆ و داهاتووش دەدۆڕێنێ...!!

(١١)

ئەوەی لەدووتوێی مێژووی سی و شەش ساڵەی ئەو تەڤگەرەدا دەبینرێت هەبوونی بەردەوامی پیلانگێڕێتی ناوخۆیی، یان تەسفیەگەری ناوخۆیی نێو تەڤگەری پەکەکەیە. بێگومان تەسفیەگەرێتی وەك پرۆسەیەکی بەردەوامی نێو تێکۆشانی ئازادیخوازی تەڤگەری پەکەکە، ئۆبژێکتیف یان سۆبژێکتیف، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەمیشە بۆتە زەمینەی پیلاگێڕێتی دەرەکی و کەوتۆتە خزمەتی پیلانگێران و جورئەتی پێداون. تەسفیەگەرێتی (تەسفیەچێتی) واتا لادان یان شێواندنی فەلسەفە، ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و پێوانە بنچینەییەکانی ژیانی ڕێکخستنی و

تێکۆشانی تەڤگەر، تەسفیەگەریتی یاریکردنە بەرێبازی تێکۆشان، بەها ماددی و مەعنەوییەکانی گەل و شۆرش و مرۆڤایەتی، تێکدانی یەکێتی ریزەکانی رێکخستن و تەمومژاویکردنی ژینگەی تێکۆشان و هزری کادیران و گەل، رووخاندنی پردی باوەڕی و متمانەی پەیوەندی نێوان " گەل ـ تەڤگەر ـ رێبەر"، شکاندنی باوەڕی، هیوا، ئیرادەی ئازاد و سەربەخۆ، پەرشوبڵاوە پێکردنی توانست و وزەی سەرکەوتن، سەپاندن و تەشەنەسەندنی زیهنییەت و چەمکەکانی هێزە پاشڤەڕۆ و دۆڕاوەکانی ناوخۆ و داگیرکەرێتی و سیستەمی باڵادەستی سەرمایەداری جیهانی. لەژێر ناوی نوێکردنەوە و گۆڕانکاریدا دوورکەوتنەوە لەچەمکی رەنج، هەڤاڵێتی، خزمەتکردن، بەرخۆدان، هەرەوەزکاری و قارەمانێتی، پێشدەخات. لەبەرامبەر ئەمەشدا پەیوەستبوون بەگیانی دەسەڵاتخوازێتی، مشەخۆرێتی، تاکرەوێتی، تەسلیمکاری، بەکرێگیراوێتی و خیانەتکارێتی پەرەپێدەدات.

تەسفیەگەرێتی لەنێو خودی شۆڕشدا وەك جموجۆڵێکی "دژە شۆڕش"ی پەنا وەبەر هەموو شێواز و ئامراز و رێگایەك دەبات بۆ ئەوەی خۆی لەنێو تەڤگەری شۆڕشگێڕێتیدا باڵادەست بکات، تەواوی دەستکەوت و بەها ماددی و مەعنەوییەکان بۆخۆی گلدەداتەوە. لەم پێناوەشدا هێز و وزەی خۆی لەگەشەپێدانی

پێرپێـرێتی، گروپچـێتی، پارچـەگەرێتی و ناوچـەگەرێتی خـەرج دەکـات و پشـت بـە وروژانـدنی لاوازییـەکانی مـرۆڤ دەبەسـتێت و خیتـابی لایەنـە غـەریزەیی، سـۆزداری و هەسـتەکان دەکـات و سوکایەتی بـە فەلسـەفە و هـزر و ژیرایـەتی، یـەکێتی نەتـەوەیی و بەرژەوەندییـە گشتییە بالاکـانی گـەل و تەڤگـەر دەکـات. بەمـەش مەکیاڤیلیسـتیانە هـەموو شـتێك دەخاتـە خزمـەتی نەوسـنێتی (چلێسـی) و داخـوازی شەخسـی و پێرپێرایـەتی و گروپێچـێتی خۆیەوە و پاساو بۆ گرتنەبەری هەموو شێواز و رێگایەك دێنێتەوە، تەنانەت بەهەلاتن، تەسلیمبوون و خەیانەتکردنیشەوە...

تەسـفیەگەرێتی لـەنێو تەڤگـەری پەکەکـەدا واتـا دووبارەکردنەوەی مێژوو و قەدەرە شوومەکانی نێو مێـژووی گـەلی کورد و چارەنووسی تەڤگەرە راپەریو و سەرهەڵداوەکانی رابـردوو، واتا سەرخستنی هێڵی شکست، تەسلیمبوون و خیانەتکارییە بەسەر هێڵی سـەرکەوتن، بـەرخۆدان و قارەمانێتیـدا. بەدرێـژایی مێـژووی ئـەم تەڤگـەرەش؛ هاوشـانی رێبـازی تێکۆشـان و بـەرخۆدان، تەسفیەگەرێتیش وەك زیهنییەت، چەمك و جموجۆڵ دەرکـەوتووە و لەزۆر رووەوە گورزی لـە گـەل و پەکەکە داوە، بـەلام نـەیتوانیوە وەك هێڵێك بالادەستێتی خۆی بەسەر تەڤگەر و گەلـدا بسەپێنێت. هەرچەندە تەسفیەکاران لەناستی جیاواز و بەزیهنییەت و چەمکی

تەسفیەگەریتی جیاوازەوە جموجۆڵیان کردووە، بەلام سەرتاپایان لەگەوهەر و ئامانجدا یەکانگیر بوونەتەوە. گەوهەر و ئامانجی تەسفیەگەرانی نێو تەڤگەری پەکەکە هەمان گەوهەر و پیلانگێرێتی دەرەکیان هەبووە، بۆیە لەزۆر قۆناخی ئەم مێژووەدا بەیەکەوە جموجۆڵیان کردووە و هەوڵ و تەقەللاکانی یەکتریان تەواو کردووە، لەگەڵ شکستی یەکێکیان ئەوەمیتریش شکستیهێناوە، لەگەڵ پەرەسەندن و بەهێزبوونی یەکێکیان ئەوەمیتریش پەرەیسەندووە و بەهێزبووە. لەئاکامدا قەدەر و چارەنووسی خۆیان بەیەکەوە بەستراوەتەوە و هێزبەخشی و ئومێدبەخشی یەکتربوونە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە؛ تێگەیشتن لەهۆکار و زەمینەی دەرکەوتنی کەسێتی تەسفیەگەرا و زیهنییەتی تەسفیەگەرێتییە. هەڵبەتە بەبێ تێگەیشتنی راست و زانستیانە لەسروشت و پێکهاتەی کۆمەڵگای کورد و راستینەی تەڤگەری پەکەکە ناکرێ شیکردنەوەیەکی ورد و زانستیانەمان هەبێت بۆ ئەقڵییەت و چەمك و جموجۆڵە تەسفیەگەراییەکان. هەڵبەتە ئەگەر رێبەر ئۆجەلان و پێشەنگانی تەڤگەری پەکەکە وەك فاکتەرێکی خودی (ژاتی) وەڵامی هەلومەرجە بابەتییەکە دەدەنەوە، ئەوا مسۆگەر تەسفیەگەران و تەسفیەگەرێتیش لەنێو خودی سروشت و

پێکهاتـــەی کۆمـــەڵگای کـــورددا دەرکـــەوتووە، ئـــەو کۆمەڵگایـــەی لەمیانەی باڵادەستبوونی سەدان ساڵەی سیستەمە داگیرکەرەکان لـە کوردســـتاندا شـــێوەی گرتـــووە و کارەکتـــەرێکی تەســـفیەگەرێتی پێدراوە. کارەکتەرێك دووژمنایەتی و نکۆڵی لە ناسنامە و هەبوونی خۆی دەکات و دەستەمۆی سیستەمی باڵادەست بووە.

کۆمـــەڵگای کـــورد بـــەهۆی باڵادەســـتی یـــەك بـــەدوای یـــەکی سیســـتەمە داگیرکارەکـــان و سروشـــت و تایبەتمەنـــدێتی خۆیـــەوە نـــەیتوانیوە بەشـــێوەیەکی سروشـــتی پێشـــبکەوێت، بۆیـــەش یەکلاییبوونەوەیـــەکی چینایەتیانەی بەخۆیـــەوە نـــەبینیوە و زۆر کـەم ململانێکـان کەوتوونەتـە چوارچێوەی ململانێـی چینایەتی. ئـــەوەی هەیـــە و یـــەکلایی بۆتـــەوە، باڵادەســـتبوونی چـــینێکی بـەکرێگیراو و تەسلیمکار و پاشکۆی سیستـەمە داگیرکەرییەکانـە و خۆی وەك چینێکی سەرووی کۆمەڵگا نیشان دەدات. بۆیە ناکۆکی و ململانێـی کۆمـەڵگا (گـەل)ی کـورد لەگـەڵ ئـەو چینە باڵادەستـەدا راســـتەوخۆ نـــاکۆکی و ململانـــێ بـــووە لەگـــەڵ سیســـتەمە داگیرکەرییەکاندا. چونکە بەرجەستـەکەری ئەقڵییـەت و چـەمك و کولتووری داگیرکەری بووە لە کوردستاندا، بەڵام لەگەڵ دەرکـەوتنی تەڤگەری پەکەکە و بەرزکردنەوەی تێکۆشانە فرە رەهەندی و فـرە تەوەرییەکەیـدا، نـاکۆکی و ململانێییـەکانی لەگـەڵ ئەقڵییـەت،

چەمك، كولتوور و رەفتاری ئەو چینەدا خەست و قـووڵتر كـردەوە. ئەمە هەم لەئاستی كۆمەڵگادا بەگشتی و هەمیش لەنێو تەڤگەردا بەتایبـەتی، یـەكلایی بوونەوەیـەكی لێبڕاوانـەی لـەرووی كەسـێتی، ئەقڵییەت، چەمك، كولتوور و جموجۆڵدا پێشخست. بۆیە ناكۆكی و ململانێیە چینایەتییەكان زیاتر لەزەمینەی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و كولتـووری و كۆمەڵایەتییـدا پەرەیسـەند. لەبـەر ئـەوەی تەڤگـەری پەكەكە تەڤگەری ئازادی كۆمەڵگای ژێرینە و لەپێناو بەرژەوەنـدی و هیوا و ئامانجەكانی رەگەز و چینەكانی ژێرەوەدا لەنێو تێكۆشان و بـەرخۆدان دایـە، ئـەوا ئەمـەش راسـتەوخۆ نـاكۆك و دژبـەری بەرژەوەنـدی و هیـوا و ئامانجـەكانی چـینە باڵادەسـتەكەی نێـو كۆمەڵگایـە. ئیـدی تەڤگـەری پەكەكـە وەك دینـامیكێكی بـەهێزی هـەڵاوێردكردنی یەكلاییكردنـەوەی كەسـێتی، ئەقڵییـەت، چـەمك، كولتوور و جموجۆڵی چینەكان بـووە بـە خـاكێكی بـەپیت و فـەڕی ئەو هەڵاوێرد و یەكلاییكردنەوەیە و چڕ و قووڵبوونەوەی نـاكۆكی و ململانێییەكان.

لـەم چوارچێوەیەدا؛ هـەڵگرانی كەسێتی، ئەقڵییـەت، چـەمك، كولتوور و تایبەتمەندییەكانی ئەو چینە باڵادەستە لەنێو تەڤگەری پەكەكـەدا، لەمیانــەی پێــداگیری و ســەپاندنی كەســێتی ئــەو كارەكتەرەی لەكۆمەڵگاوە لەگەڵ خۆیانـدا هێنـاوە بـۆ نێـو تەڤگـەر،

وەك زەمینــــە و پاڵنــــەری ســــەرەکی دەرکــــەوتنی کەســــێتییە تەسفیەگەراکانە. بۆیە دەرکەوتنی تەسفیەگەرێتی لەسەر بنـەمای "چەمکی فیودال ـ پیلانگێری بەکرێگراو، بۆرژوازی لیبرالیزەبووی تەسلیمکار، چەتەگەرێتی، لومپەنێتی و دستەگەرێتی، پیاوسالارێتی و پارچەگەرایی" وەك چەندین خەتی تەسفیەگەرێتی لەقۆناخە جیاوازەکانی مێژووی تێکۆشانی تەڤگەری پەکەکەدا دەرکەوتووە و پێشکەوتنی تەوەرە و رەهەندەکانی تێکۆشانی پەکەکەی ئاستەنگ کردووە و خواستوویەتی تەواوی تەڤگەر بەلارێدا ببات، مارژینال و پارچەی بکات و قەدەری شوومی شکست و تەسلیمکاری بەسەر تەڤگەر و گەلدا بسەپێنێتەوە.

هەڵبەتە ئەو زەبرانەی تەسفیەگەرێتی بەتەڤگەر و گەلی گەیاندووە، ئەگەر زیاتر نەبێت، کەمتر نەبووە لەو زەبرانەی کە پیلانگێرییە دەرەکییەکانی داگیرکەران و هێزە پاشڤەرۆکانی کورد و زلهێـزە ئیمپریالیستەکان بە تەڤگەر و گەلیان گەیاندووە. هەرچەندە رێبەر ئاپۆ و پەکەکە تێکۆشانی فەلسەفی، ئایدیۆلۆژی و رێکخستنیان لەبەرامبەر چەمك و ئەقڵییەتە تەسفیەگەراییەکان بەبنچینە وەرگرتووە، بەڵام تەسفیەکاران بە پیلانگێرییەتی و شێوازە مەکیاڤیلیستییەکان و جموجۆڵی شاراوە و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ پیلانگێرانی دەرەکی پەرەیان بە تەسفیەگەرێتی

خۆیان داوە. بەمەش تەسفیەگەرێتی بەپێداگری لەسەر سەپاندنەوەی سروشت و کارەکتەری کۆمەڵگای باوی کورد و چینە باڵادەستەکەی، خواستوویەتی گەوهەر و فەلسەفە و ستووندەکانی "شۆڕش" بەدینامێتی تەسفیەگەرێتی هەپرووون بە هەپرووون بکات و بیسڕێتەوە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ئێش و ئازارەکان و لەدەستدانە ماددی و مەعنەوییەکان و بەفیڕۆدانی دەرفەتە زێڕینەکان، پیلانگێڕێتی ناوخۆیی و تەسفیەگەرێتییەکان نەیانتوانیوە دیالیکتیکی پێشکەوتن و مەزنبوونی تەفگەری پەکەکە رابوەستێنن، پەکەکە و گەل لە فەلسەفەی ژیانی ئازاد و شکۆمەندێتی بەدوور بخەنەوە و بەلارێییدا ببەن. ئیدی بۆ یەکەمین جار لەمێژووی گەلی کورددا مەیل و هێڵی تەسلیمکاری و بەکرێگیراوێتی و خیانەتکاری لەبەرامبەر مەیل و هێڵی ئازادیخوازێتی و بەرخۆدان و وڵاتپارێزێتی سەرناکەوێ و شکست دێنێ. ئەمەش پێگەیەکی شکۆداری بە رێبەر ئاپۆ و تەفگەری پەکەکە لەمێژوو و رۆژگاری ئەمڕۆ و داهاتووی گەلی کورد و مرۆڤایەتیدا بەخشی.

(١٢)

لەمێژووی تەڤگەری پەکەکەدا، رۆڵ و پێگەی رێبەر ئۆجەلان وەك ئافرێنەر و بنیادنەری تەڤگەری پەکەکە دەردەکەوێتە روو، رێبەر ئاپۆ بەتێکۆشانی مەزن و بەردەوامی فەلسەفی، هزری، ئایدیۆلۆژی، سیاسی و رێکخستنی خۆی سیما و گەوهەری بەم تەڤگەرە داوە و پێشیخستووە و مەزن و فراوانی کردووە. سەرچاوەی بنچینەیی هزری، باوەڕی، مۆراڵ، جورئەت و فیداکاری و قارەمانێتی هێز و ئیرادەی تەڤگەر و گەل رۆڵگیربووە و رێبەرایەتی و سەرۆکایەتی سەرجەم قۆناخ و قەڵەمبازەکانی کردووە. هەروەها لەکەسێتی خۆیدا سیستەمێکی هزر و ژیان و کرداری هاوچەرخ و رادیکاڵی بەرجەستە کردووە و خۆی لەنێو رۆح و هزر و ژیان و کرداری تەڤگەر و گەلیشدا تواندۆتەوە و وەك فەلسەفە و پارادیگمایەك بۆ ژیانەوەی نەتەوەیی و ئافراندنی کەسێتی و کۆمەڵگایەکی ئازاد ئاوێتەگیر بووە.

لەگەڵ هەڵکشانی تێکۆشانی تەڤگەری پەکەکەدا؛ پیلانگێڕییە دەرەکی و نێوخۆییەکان لەبەرامبەر ئەو تەڤگەرە بەگشتی و کەسێتی ئۆجەلان بەتایبەتی، تا هاتووە چڕوپڕ و شەڕانگێزتر بووە. تەوەری سەرەکی زۆربەی پیلانگێڕییەکان لەدەوری کەسێتی

ئـەودا خولاوەتــەوە. چـونکە ئـەو راسـتییە دەرکـی پێکـراوە کـە ئافرێنەری فەلسەفە و سیستەمی تێکۆشان و ژیانی ئەم تەڤگەرە رێبەر ئۆجەلانە. بۆیـە رێبـەر ئۆجـەلان بـۆ سیسـتەمی سـەرمایەی جیهانی (ئیمپریالیستی) و داگیرکەران و هێزە وابەستە کوردییەکان بۆتـە فۆبیـای هـەرە مەترسـیداری دواچـارەکی سـەدەی بیسـتەم و ئێستای ئەم سەدەیە.

لــەپێناو رەواندنــەوەی ئــەو فۆبیایــەدا تــەواوی هــەوڵ و تەقــەللاکانیان کردۆتــە یــەك و لەرێگــەی "ناوزڕانــدن، بێکاریگەرکردن، هەوڵی تیرۆرکردن، دەستگیرکردن..." و لەرۆژگاری ئەمرۆشدا بەگەلێك شێواز و هەوڵ و تەقەللای دیکەوە دەیانـەوێت ئەنجامگیر ببن. بەڵام لەدوا ئاکامدا مایەپووچ بوونە. هۆکارێکی زۆر بنچینەیی ئەو مایەپووچییەش فەلسەفە و پارادیگمای سەربەخۆ و ئازادیخوازانـەی خـودی رێبـەر ئۆجەلانـە، کـە لـەدەرەوەی بازنـەی ئەقڵییــەت، لۆژیــك و چــەمکی بــاو و باڵادەســت و ســەپێنراودا دینامیکی پێشکەوتن و گۆڕانکاری خۆی ئافراندووە و دەستبەرداری لە دیالیکتیکی بنچینەیی خۆی نەکردووە و نەکەوتۆتە ژێر رکێفـی هیچ زیهنییەت، دەسەڵات و هێزێك. بێگومـان ئەگـەر بخـوازین لـەم هۆکـارە سـادەیە قـووڵ ببینـەوە و لێـی تێبگـەین ئـەوا پێویسـت بـە خوێندنـەوە و لێتۆژینـەوەی قـووڵی سـەرجەم بەرهەمـە فەلسـەفی،

ئایـدیۆلۆژی، سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکانی بکـەین و قۆناخـەکانی ژیان و تێکۆشانیشی بخەینە ژێر لێکدانەوە و شیکردنەوەوە.

خـاڵی هـەرە سـەرنجڕاکێش لەکەسـێتی ڕێبـەر ئۆجەلانـدا ئاوێتـەبوون و یـەکانگیربوونی نێـوان فەلسـەفە و ژیـانی، هـزر و تێکۆشـانی، تیـۆری و کردارەکەییـەتی. هـەروەها لەتـەواوی قۆناخـەکانی ژیـان و هـزر و تێکۆشـانیدا سـیمای فەلسـەفەیەك، پارادیگمایەك لەگەشە و نەشونماکردن دایە و تادێت چڕ و قـووڵ و فراوان دەبێتەوە، کە لەگەڵ هەر ئەزموون و هەنگاوێکی کردارییانـە (پراکتیزەکـردن)دا خـۆی هـەڵاوێرد دەکاتـەوە و خـۆی لەبێـژینگ دەداتەوە. لەڕوویێکی دیکەشەوە؛ ڕەخنـە و ڕەخنـە لـەخۆگرتن وەك گرنگترین پرۆسەی ئەو هەڵاوێردکردن و لەبێژینگدانـەدا هەمیشە ئامادە و بەردەوامە.

بێگومـان لێـرەدا دەرفـەتی ئـەوە نییـە قسـە لەسـەر ئـەو مەسەلانە و خودی کەسێتی ڕێبـەر ئۆجـەلان، لەهـەموو ڕوویێکەوە، بکرێـت، ئەمـە لەتوانسـتی منیشـدا نییـە. بـەڵام دەگـرێ تێخوێندنەوەیـەکی وردی مێـژووی پەکەکـە ببێتـە دەروازەیـەك بەڕووی تێگەیشتن لەکەسێتی ڕێبەر ئۆجـەلان. چونکە کارەکتـەری بنچینەیی و سەرەکی ئەو تەڤگەرەیە. لەو باوەڕە دام تێگەیشتنێکی قـووڵی هەمەلایەنـە لەکەسـێتی ئـەودا، خـۆی لەخۆیـدا دەبێتـە

وەڵامێـك بـۆ ئـەو پرسـیارەی كـە؛ ئەنجامـدانی ئـەم هـەموو پیلانگێڕییە و گردبوونەوەی ئەم هەموو پیلانگێڕانە لەدژی رێبەر ئۆجەلان بۆچی؟ لەوانەیە زۆر وەڵام بۆ ئەو پرسیارە ئامادەبكرێت، بەڵام لەو باوەڕەدام وەڵامی هەرە سادە و یەكانگیر لەگەڵ راستینەی ئۆجەلان و راستینەی ئەوانەی لە ئۆجەلان دەترسن و وەك فۆبیا و نوێنەری مەترسیدارترین تەفگەر و گەل دەبینن ئەومیە؛ ئۆجەلان دەخوازێت خـۆی و گەلەكەی و تـەواوی مرۆڤایـەتی، لەژینگەیـەكی سروشتی خاوێنـدا، بـە ئـیرادەی ئـازاد و سـەربەخۆی خۆیـان بـژین، هەموو كەسێك، گەلێك، رەگەزێك، ئایینێـك، ئایینزایـەك و هـەموو پێكهاتەیـەكی كۆمەڵایـەتی و كولتوورییـەكی تـر بـە ناسـنامە و تایبەتمەندییەكانی خۆی بـژیت. ئـەو تەڤگـەرەی ئافراندوویـەتی و ئەو گەلەی سـەرلەنوێ خستییەوە سـەر شـانۆی ژیـان، هـەموو ئـەو تێكۆشان و بەرخۆدانەی كردوویەتی لەپێناو گەیشتن بـەو ئامانجـە ئاراسـتەگیربوونە. سـەرجەم ئەوانـەش كـە مـەرگی خۆیـان لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا دەبیننەوە، رێبەر ئۆجەلان وەك هۆكار و هێـز و مـۆراڵی بـەدیهاتنی ئـەو ئامانجـە دەبیـنن، بـە سەرچاوەی زیندووكردنـەوەی سـەرجەم خـەون و یۆتۆپیـا جـوان و فردۆسییەكانی مرۆڤایەتی دەبینن. راستییەكەیشی هەر وایە. بۆیە رێبەر ئۆجەلان وەك ئیرادەیەك كە بەهیچ شێوەیەك رام نەكراوە و

دەستەمۆ و دەستخەڕۆ نابێت، بۆتە كانگای باوەڕی و هیوا و مۆڕاڵ و وزە و توانستی هەموو ئەوانەی هەمان خەون و یۆتۆپیا و داخوازی ڕێبەر ئۆجەلانیان هەیە. ئیدی ڕێبەر ئۆجەلان بۆتە ڕەمزی هەموو ئەوانەی دەخوازن "بەئازادی و بۆ ئازدی بژین و بمرن". مسۆگەر ئازادیخوازان، گەلی كورد، ژنان و گەنجان لەپێشەنگی ئەوانەن كە لەدەوری ڕێبەر ئۆجەلان گرددەبنەوە. چونكە هێشتا تام و چێژی ژیانە سروشتی و ئازادییەكەی زەمەنی نیۆلۆتیك (چەرخی بەردینی نوێ) لەقوولایی كەسێتی كورد و ژندا خۆی حەشارداوە و هەزاران ساڵە لێی بێبەشكراون. بۆیە كورد و ژن ئاشق و شەیدای هەرە مەزنی ئازادیین. هەڵبەتە ئازادیخوازانی نێو گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و جیهانیش كە ئازادی خۆیان لە ئازادی كورد و ژناندا دەبیننەوە، بێدوودڵی لەدەوری ڕێبەر ئۆجەلان گردبوونەتەوە و لەمەودواش گرد دەبنەوە. ئیدی بەو هزر و فەلسەفە و سیستەمەی باوەڕی پێی هەیە و لەخۆیدا بەرجەستەی كردووە، لەپێناویدا تا ئاستی دەستگیركردن و ژەهرخواركردن بردراوە، دەمێكە لەوە دەرچووە تەنیا گوزارشت لەخودی خۆی وەك كەسێك بكات، بەڵكو لەپێناو ئازادیدا خۆی لەنێو قوولایی مێژوویێكی پڕ لەتێكۆشان و بەرخۆدانی ملیۆنان مرۆڤدا تواندۆتەوە، مسۆگەر ئەوەی لەنێو قوولایی مێژوویێكی وەها

شــكۆداردا توابێتــەوە ئــەوا لــەرۆژگاری ئــەمرۆ و ئاییندەیــەكی شكۆداریشدا هەر دەبریسكێتەوە. حیكمەتە نەمرەكەی مێژووش لەمەدایە.


بزووتنەوەی پەکەکە وەک پشکۆیەک لەژێر
خۆڵەمێشی هەزاران ساڵەی مێژوودا خۆی حەشار
داوە و هەی پزیسک دەدات، تا لە زەمەنێکی
شەوەزەنگی بەستەڵەکگرتوودا بڵێسە دەدات و گڕ و
کڵپە دەستێنێ و گڕکان ئاسا هەڵدەقوڵێ، هەڵدەقوڵێ
و گڕ لە مێژوویەکی شووم، لە قەدەرێکی سەپێنراو
بەر دەدات... مێژوویەکی نوێ دەئافرێنێ... ئیدی
مێژوو لەسەر ڕووی قەدەرە سەپێنراوەکانەوە ڕێڕەوی
خۆی دەگرێ...
لەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتیەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان